



# وەتارەکانی یای عیشرەت عەزیمی لە ڕۆژنامەی کوردستان ساڵی ١٣٢٥ _ ١٩٤٦

ئامادەکردنی: فارووق فەرهاد                     سوئید   ٢٠٢٠



وێنە: ڕێژەی مناڵانی قوتابخانەی مەهاباد لە مەیدانی چوار چرا،
ساڵی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦

مناڵانی کراس سپی لە ڕاستەوە: نەفری پێنجم یای ئاسیە مەحموودیان و نەفری شەشەم یای عیشرەت عەزیمی .

پشتی سەری مناڵان: بەڕێز کاک سەدیق حەیدەری



وێنە: عیشرەت عەزیمی ساڵی ١٣٢٥ـ ١٩٤٦ چوار چرای مەهاباد

تەمەنم دە ساڵ بوو کە کۆماری کوردستان لە مەهاباد بە سەروکایتی پێشەوا قازی محەمەد بە خەڵک ڕاگەیاند. بۆ پێشکەش کردنی ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان لە چوار چرای مەهاباد منیان هەڵبژارد.

جەنابی مەرحوم کاک سەدیقی حەیدەری دوو مێزی لەسەریەکدانا و منی خستە سەر، ئاڵای کوردستانی دا دەستم و فەرمووی دەست پێبکە. منیش بە خۆشحاڵیەوە دەستم پێکرد:

ئەی ئاڵای سێ ڕەنگی کورد

ئەی مایەی بڵیند و سەربەرزی نیشتمان

ئامادەین لە ژێر سەر... بۆ مانەوەی تۆ خۆمان....*

تا گیان لە گیان دابێ نەهێلین ئەوەی....*

ئەی جێگەی سەرفەرازی گەلی کورد

ئەگەر ئەو دەستم بشکێ بە دەستەکەی دیکە بەرزت دەکەمەوە

ئەگەر هەر دوو دەستم نەما بە ددانەکانم ڕاتدەگرم

بژی قازی محەمەد پێشەوای کورد

عیشرەت عەزیمی، پاریس ٢٠٢٠/٠٣/٠٤

*... بەداخەوە عیشرەت خانم بە تەواوی شیعرەکەی لەبیر نەماوە

جیژنی سەربەخوئی و ناساندنی پیشوای کوردستان لە لایەن ئاموژگارانی مەدرسەی کچان

خطابەی یای عشرەت عظیمی

دایک و خوشکانی خوشەیست آیا دەزانن ئەو روژ و ساعتە مبارکە جیژنی آزادی ملت کورد شیرنی خواردنی پیشوای کوردستانە ئەمن کە یەک مندالی کوردم لەو وختو ساعتە خوشەدا زور شاد و خوش حالم وا ووەختم بە فرست زانی کە پاش شکرگوزارییەکی زور لەو خوشکە عزیزانە اجازە طلب دەکەم کە چەند کلمە عرض ناقابلی خوم بە عرضی هەموتان بگەیەنم.

اگر ئەمە بە دلی صاف و چاوی پر نوور بروانین و فکر بکەین لیان حالی دەبی کە ئەورو اولی عمری مەیە یعنی وابزانین کە تازە لە دایک بوین. چونکو دەتوانین بە آزادی و آرەزوی دلی خومان هەر کاریکی بکەن ئەمن کە هیندە لە عمرم رانەبردوە فقط زور چاکم لەبیرە کە ایمە تا چە اندازە لە ژیر دەستی چەنگالی خوین آوی بیگانان بوین بو خوتان دەزانن نەیان دەهیشت کە بە زمانی خومان قسە بکەین یا درس بخوینین و اگر یەک نفر آژانی روتمان دەدیت گیانمان دەردەچو خلاصە ظلم و اختیناق زور لی دەکردین فقط نامەوی کە وەختی ئەو خوشکانی عزیز زور صرف کەم بەو چەند کلمە قناعت دەکەم رەجام وایە کە ایوەش مندالەکانی خوتان وەختی کە شریان دەدەنی لەگەل شیر لە زاریان بنین و بلین رولە ئەتو کوردی و ادعای حقی خوت بکە و بو وەی کە ایمە لە سایری ملەتان وەپاش نەکەوین کچ و کوری خوتان هیچی دی لە

مال دامەنین و لەوە زیاتر بدبخت و کویرو بی سەوادیان مەکەن بەلکو ئەمەش وەکو مللتان ژن و کچی عالم و عاقل و ودانامام لە نیو دا پەیدا بی و سەربەرز و مشهور بین لە آخردا رجا کارم کە ایوەش لەگەل من هەمدنگ بن و بلین برقرار و پایەدار بیت حضرتی پیشوای کوردستان.

راوەستاو بی آلای مقدس کوردستان

بژی ئەو کەسانەی کە لە ریگای کوردان دا گیانفیدان.

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٨ شەمموو ٧ خاکەلێوە ساڵی ١٣٢٥ـ ٢٧ مارس ١٩٤٦

## جیژنەو شایی و شیرنی خوری لە لاین ژنانی شاری شنو بە بونەی سەربەخویی کوردستان

### خطابەی کیژ عشرەتی عظیمی

دایک و خوشکەکانم ایوە دەزانن ئەمن ویستا بونی شیری کالم لە زاری دی و ئەورو کە لە نیو ایوە بەیاناتیک عەرض دەکەم لە سایەی خویندنو زبانی دایک و بابی خومە دەنا تصدیق دەفەرمون لە دەورەی پیشودا مدرسەشیان تەواو دەکرد اما چونکو زبانی بیگانان بو و نەیان دەتوانی قسە بکەن ئەما من بە شانازی ئەوە ووتاری خوم بە کوردی دەخوینمەوە. ئەورو کە بو هەولین جار ژن و کیژی کورد لە باسەی فەرهەنگی کورد و شورەوی لە دەورەی یەک کوبوینەوە و زور جیگای شکرە کە لەو دونیای آزادیدا ایمەش یانی ژنی کوردی کە تا ویستا لەبەر یەخسیری و ژیر دەستی و زوری زوردارەکان نەمان توانیوە لە نعمت زانست و خویندنی زبانی شیرینی کوردی خومان خاوەنیش بین "بەهرەوەر بین" ئەما ئەورو بە یارمەتی یەزدانی بی هاوتا سهلە زبان و زانستی خومان بەلکو دەبی لە زبان و زانستی فەرهەنگی گەورە گەورەی دنیاش آگادار بین یانی دەبی بزانین لەبەر چی دەولەتی روسی گەورە لە دونیا دا بەو جورە پیش کەوتوون؟ ئەوە خویندنو علم بوو ئەوانی لە تەواوی دنیادا سەر بلند و پیشکەوتووی کردن دەبی ایمەش لەوە بەولاوە بە هوی ریگایەک کە لە لاین دەولەتی بە قووەتی شورەوی بو لای ایمەش کیشراوە، کە رەوابطی فەرهەنگی شورەوی و کوردە سهلە بومە بەلکو بو زور جیگای دونیا کیشراوە. تەواوی میللەتی

کوردی ژن و پیاو کور و کچ لەو نعمتە کەلک " فائیدە " وەرگرین تا بیتە سەبەبی نیو وەدەر کەوتنی ایمەش لە دونیادا و کاریکی وا بکەین کە پیاوە گەورەکانمان دونیا بیان ناسی بەخصوص بە دەولەتی پیشتوانی هەژارەکانی دیکەی دونیا اتحاد جماهیر شورەوی بناسینین و پیاوە بەرزەکان و ژنە بە قیمەتەکانی روسیش بە خومان بناسینین تاکو لەو ریگایەوە روشوینی چاکی وان هەل بژیرین و دەلیلیشم ئەوەیە تی بفکرن لەو وینانەی کە بە دیواریوە هەلاوەسراوە بەمە نیشان دەدا ئەو دەولەتە زور پیشکەوتوە و بەراستی بو ماموستای هەمو دونیا دەبی سهلە کوردیش و تصدیق دەفەرموون هەموی نشان دەدا صنعت و معارف مندال تربیت کردن و زانستی وان هەمو لە نتیجەی فەرهەنگ بوە هومیدم هەیە ایمەش لە سایەی پیشەوای بەرزمان روژ بە روژ معارف و فەرهەنگی کوردی زیاتر پەرە بگری زیاتر لە وە دەلیم

بژی رئیس جمهور کورد و کوردستان

بژی مارشال استالین

بژی خانم رئیس جمهوری کوردستان

بەرقەرار و پایەدار بی آلای سی رەنگی کوردستان

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٣٨ دووشەمموو بانەمەر ١٣٢٥ ـ ٢٢ ئاوریل ١٩٤٦

